اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ وَالْهَرَمِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ، اللهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وزَكِّهَا أنت خير من زكاها، أنت وَلِيُّهَا ومولاها، اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا

له زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هیچتانِ پێناڵێم تەنها ئەوە نەبێت کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (لە نزایەکیدا) دەیفەرموو: «اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ وَالْهَرَمِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ، اللهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وزَكِّهَا أنت خير من زكاها، أنت وَلِيُّهَا ومولاها، اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا». «واتە: خودایە؛ من پەنات پێدەگرم لە بێ دەسەڵاتی وتەمبەڵی وترسنۆکی وڕەزیلی وپیری وسزای گۆڕ، خودایە؛ ویستی خۆپاراستن لە تاوان بەخشە بە ناخ ودەروونم، وپاك وخاوێنی بکەرەوە لە ویستی تاوان وخراپەکردن چونکە تۆ باشترین کەسیت کە خاوێنی بکەیتەوە، خوایە؛ تۆ سەرپەشتیار وخاوەنی ناخ ودەروونمی، خوایە؛ من پەنات پێدەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێت، ولە دڵێك کە لە تۆ نەترسێت، ولە نەفس ودەروونێك کە تێر نەبێت، ولە نزایەك کە وەڵام نەدرێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

یەکێك لە نزاکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم نزایە بوو: «اللهم إني أعوذ بك:خودایە؛ من پەنات پێدەگرم»؛ وداوای دادەدان وبە هاناوە هاتن لە تۆ دەکەم، «من العَجْزِ:لە بێ دەسەڵاتی»؛ بەوەی نەتوانم ڕێکارێکی بەسوود جێبەجێ بکەم، «وَالكَسَلِ:وتەمبەڵی»؛ بەوەی خواستم نەبێت لەسەر ئەنجامدانی خێر وچاکە، بێ دەسەڵات ناتوانێت ڕێکارەکە جێبەجێ بکات، وتەمبەڵ خواستی لەسەر نییە ونایەوێت، «وَالْجُبْنِ:وترسنۆکی»؛ بەوەی نەتوانم بڕۆم بەرەو ئەو شتەی پێویستە جێبەجێ بکرێت، «والبُخْلِ:وڕەزیلی»؛ بە نەبەخشینی ئەو شتەی واجبە خەرج بکرێت، «والهَرَمِ:وپیری»؛ کاتێك تەمەن گەورە دەبێت ولاشە لاواز دەبێت، «وَعَذابِ القَبْرِ: وسزای گۆڕ»؛ وئەو هۆکارانەیشی هۆکارە بۆ سزای نێو گۆڕ. «اللهم آت نفسي:خودایە بیبەخشە بە دەروونم»؛ وسەرکەوتووی بکە، «تقواها:وبستی خۆپاراستن لە تاوان -تەقواداری-»؛ ئەمیش بە ئەنجامدانی پەرستنەکان ودوورکەوتنەوە لە سەرپێچیەکان، «وزَكِّهَا:وپاکوخاوێنی بکەرەوە»؛ لە ڕەوشت وهەڵسوکەوتە خراپ وپیسەکان، «أنت خير من زكاها:تۆ باشترین کەسی کە خاوێنی بکەیتەوە»؛ وهیچ کەسێك ناتوانێت پاکی بکاتەوە جگە لە تۆ، «أنت وَلِيُّهَا:تۆ سەرپەرشتیار»؛ وسەری دەخەیت وڕات گرتووە، «ومولاها:وخاوەنی ناخمیت»؛ هەموو شتێك لە مندا لە ژێر ڕکێفی تۆیە، وپەروەردگار وخاوەنی منیت وتەنها تۆ نیعمەتەکانت بە من بەخشیووە. «اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ:خوایە؛ من پەنات پێدەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێت»؛ وەکو زانستی ئەستێرەکان وفاڵگرتنەوە وسیحر، یان زانستێك سوودی نەبێت لە قیامەتدا، یان زانستێك کردەوەی پێنەکرێت، «وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ:ولە دڵێك کە لە تۆ نەترسێت»؛ وملکەچ نەبێت بۆت، وهێور وئارام ودڵنیا نەبێتەوە بە یادی تۆ، «وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ:ولە نەفس ودەروونێك کە تێر نەبێت»؛ ڕازی نییە بەوەی اللە پێی بەخشیووە لە ڕزقی حەڵاڵ وپاك، «وَمِنْ دَعْوَةٍ:ولە نزایەك»؛ ڕەت بکرێتەوە، «لَا يُسْتَجَابُ لَهَا:وەڵام نەدرێتەوە».